# هەموو لەدەست دانی دەنگێک دووجار زەرەرە لە کورد!




لەپاش 35 ساڵ حکومڕانی بەعسی فاشی عیراق، لەپاش شەهیدبوونی 5000 کورد وە بێ سەرو شوێنکردنی 182000 ئەنفالی کورد. جارێکی تر کوردستانی باشور هەلێکی مێژووی بۆ دەرەخسێ بۆ دیاری کردنی ئایندەیەکی دیموکراتی و فیدراڵی لە عیراقدا."

ئەرکی سەرشانی هەریەک لە ئێمەیە وەک کورد کە ئامادەیی خۆمان دەرببڕین بۆ دەنگدان لە حوکومەتی نوێی عێراقدا.
ئێمە وەك کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە هۆڵندا وە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە سوید بەشداری کردن لەم دەنگدانەدا بەئەرکێکی نیشتیمانی و وەفایەک دەزانین بۆ خوێنی شەهیدانمان.
لەیادت نەچێت دەنگی تۆ گرنگە بۆ ئایندەی کورد، کەمتەرخەمیشت دووجار زەرەرە بۆ کورد، هەم کورد دەنگێک کەمتر دەهێنێت وەهەمیش دەنگێک زیاتر دەچێت بۆ بەرامبەرەکەمان.
لەدەست دانی ئەم هەلە ئەبێتە هۆی گازندەی نەوەی ئایندەمان وە نادیارکردنی پاشەڕۆژی ئەوان.

کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە هۆڵندا
کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە سوید